# کوردێکی سوننە بوو بە پارێزگاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



بۆ یەکەمجار دوای 44 ساڵ لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران، کوردێکی سوننە مەزهەب دەبێتە پارێزگاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان.

فاتیمە موهاجەرانی وتەبێژی حکومەتی ئێران ئەمڕۆ چوارشەممە 18ـی ئەیلوولی 2024 رایگەیاند، ئارش زریەتەن لەهۆنی خەڵکی شاری پاوەی سەر بە پارێزگای کرماشان لە کوبوونەوەی ئەمڕۆی حکومەتەکەی مەسعود پزیشکیان وەک پارێزگاری سنە دەستنیشانکرا.

ئارش لەهۆنی تەمەنی 49 ساڵە و پێشتر و لە خولی 11هەمینی پەرلەمانی ئێران، نوێنەری شارەکانی پاوە و روانسەر و سولاسی باوەجانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووه.